## ئەمیری حەسەنپور:

# لە عێراقدا حکومەتێک نییە دەسەڵاتی بەسەر هیچ شتێکدا هەبێت، ئیتر کورد بە تەمای چییە

**ناوێک جیـا لە ناوەکـانی تر، دەنگێک بەردەوام بەهێـمنی لە گـۆشـەیەکی ئەم دنیـایەوە دێتـەگـۆ، بەدیوێکی تردا لە مـەسـەلەکـان دەڕوانێت کـە ڕەنگە هەبن ئەم بۆچوونانەیان بەلاوە سـەخت بێت، لێ مـرۆڤ قـسـان بکات و ڕووداوەکـان وەک خـۆیان بگیـرێتـەوە ئەوە دڵسـۆزییـە نەک شـێـواندنی ڕووداوەکان و بە هەڵەدابردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان.**

**ساڵانێکە ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە هزری ئەم مـرۆڤـە بخـاتەڕوو، بۆیە لەوانەیە لای کـەسـانی تاییـەتمەند نەێت زۆرێک ئاشنایی لەسەر ئەو بەڕێزە نەبێت.**

**چەند ساڵێک بەر لە ئێستا و لە هەشتاکاندا بەڕێز مسعود محەمەدی بەرادەیەک هەژاند کتێبێکی لەسەر بنووسێت بەناوی (بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت).**

**لەو سـاتەوە ئەو پرسـیـارە زۆربەمـانی ورووژاند ئەم کەسە کێبێت کە کەسێکی وەک مەسعود محەمەد بەو جۆرە وەڵامی بداتەوە؟ ئێستا پاش ئەوەی ناوچەکە گۆڕانکاری جۆری بەخۆیەوە دی و هاوکێشەکان ڕۆژانە ئاڵۆزتر دەبن، ئاخۆ دوا وێستگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکوێ دەگات، ئەی بارودۆخی عێراق لەنێو ئەو کێشمەکێش و هەڵلایەدا چی چاوەڕێی دەکات، ئەمەریکا خۆی کە ئەم بارودۆخەی خولقاند بەبێ بەرنامەیەکی پێشوەخت ئاخۆ دەتوانێ گرێ کوێرەکان بکاتەوە، کورد.. ئەی کورد لەم هاوکێشانەدا ڕۆڵی کارای دەبێت یان چارەنووسێکی دیکە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە خەڵکی کوردستان بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێت، بێگومان لە ئاڵۆزی مەسەلەکاندا وەڵامەکانیش ون دەبن ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری تر بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم دیمانەیەی بەڕێز ئەمیری حەسەنپور بوون کە بە سوپاسەوە ئامادە بوو وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.**

**دیمانە: نامق هەورامی**
**namqhawramy@hotmail.com**



### ئێستا و ئایندەی کوردستان

**ئەمڕۆ کوردستان وەک واقعێکی چەسپاو بووەتە دیفاکتۆ، دیارە ئەمەش پاش سەرهەڵدانی ساڵی١٩٩١ هاتە گۆڕێ و تا ئێستاش وەک پارچەیەکی جیا لە عێراق لە گشت ڕویەکەوە جیاوازی زۆری هەیە، ئاخۆ ئەم پارچەیەی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان لەم قۆناغە و لە ئایندەدا چۆن دەبێت؟ ئەمیری حەسەنپور لەم بارەیەوە دەڵێت:**

پێشبینیکردنی داهاتووی کوردستان، دیارە مەبەست لە کوردستانی عێراقە، ئەرکێکی ئەستەمە لەبەر ئەوەی کە باری سیاسی و ئابووری جیهان و ناوچەکە لە گۆڕانێکی بێوچاندایە و قەیرانی پەیتاپەیت ڕێگە نادات هیچ بارێک، چ باری باو چ باری نوێباو بوەستێتەوە و سەقامگیر بێت.

هەر ئەوەندە دەکرێت ڕایەڵ و پۆیەکان هەڵاوێرێن و نەخش و نیگای بەدی نەهاتوو وەدەربخەین.

**زۆر جار لە شەڕدا ئەو لایەنەی توشی شکست دەبێ دەرفەت و دەرەتانی دەرچوون و پاشەکشەی هەیە، بەڵام بوش هیچ بوارێکی بۆ تێپەڕین یان هاتنەدەری لەو زەلکاوە نییە**

* * *

**رۆژانە نزیکەی ٣٢ هەزار منداڵ لەبەر برسییەتی و کەمخۆراکی دەمرن**



ئەو رۆژانە ئامرازی راگەیاندنی گشتی هەم لە رۆژهەلات و هەم لە رۆژئاوا زۆر باسی داهاتووی عێراق و ئەفغانستان و نوشوستی سیاسەتی حکومەتی نیوە وەرزی ئەمەریکا، کە دەسەلاتێکی زۆرتری دا بە دیموکراتەکان لەوەدا سوورن کە واشنتۆن لە زەلکاوی شەڕی عێراقدا تێچووە و داماوە.

بەڵام زۆربەی ئەو لێکدانەوانە و پێداچوونەوانە ڕوانگەیان بەرژەوەندی دەوڵەتەکان بەتایبەتی دەوڵەتی ئەمەریکا و نیزامی نێودەوڵەتییە.

من لە تێکۆشانی خۆم بۆ سەردەرکردن لە باری ئێستە و پێشبینیکردنی داهاتوودا، لەو ڕوانگەیە لادەدەم و دەمەوێ بەرژەوەندی خەڵکی بێدەسەڵات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕەچاو بکەم.

ئەوەش باش دەزانم کە ڕوانگەی وا لە کۆڕ و کۆمەڵی ئێستەی کوردایەتی و کوردەواریدا برەوی نییە و بێ ڕمێنە.

پرسیارەکە دەکرێت ئاوا بێتە گۆڕێ: ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی عێراقی وەک دەوڵەتێکی شێوە سەربەخۆ دامەرزاندووە درێژەی دەبێت یان لەوانەیە کۆتایی بێت؟

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا پێویستە بڵێم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی شەڕی١٩٩١ی ئەمەریکا لە دژی ڕژێمی عێراق بوو، بەڵام ئەمەریکا بەرنامەی دامەزراندنی حکومەتێکی وای نەبوو و دەوڵەتانی هاوپەمانی ئەمەریکاش چاوەڕێی هەڵکەوتێکی وا نەبوون.

هەورەها لە پرۆسەی وەرێخستنی شەڕی ٢٠٠٣شدا بەرنامەی ئەمەریکا دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکپارچە لە بەغدا بوو کە هێزی عەسکەری یەکگرتووی هەبێت و بتوانێت کۆتایی بدات بە حکومەتی هەرێم و هێزە چەکدارەکەیەوە و ئەو هێزە چەکدارانەی دی کە لە کوردستانی عێراق پێگەیان هەبوو، بەڵام ئەو پرۆژەیەش وەدی نەهات لەبەر ئەوەی ئەمەریکا نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی یان تەنانەت تاقمێکی بەستراوە بەخۆی دامەزرێنێ.

دەوڵەتانی ناوچەکەش، چ ئەوانەی سەر بە ئەمەریکا و چ ئەوانەی ناکۆکییان لەگەڵیدا هەیە نایانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ، تەنانەت ئۆتۆنۆم لە ئارادا بێ.

**ئەوەی من دەیبینم هەڵاتنی خەڵکی لێقەوماوی عێراقی عەرەبە بەرەو کوردستان، لە کاتێکدا کە ماوەی پانزەساڵە کوردی عێراق خۆی بەرەو رۆژئاوا دەروا و ئاسۆیەکی روون لە کوردستانی رزگار کراو لەبەرچاو نییە**

ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەشدا پێی خۆشە عێراق وەک دەوڵەتێکی بەهێز و یەکپارچە نەمێنێ و لەت وکوت بێ، پێی باش نییە کە گەلی کورد مافی چارەنووسی خۆی دابین بکا.

لەوەشدا گۆمان نییە هەندێ هێزی سیاسی لە ئەمەریکا ماوەیەکە باسی سێ پارچەکردنی عێراق دەکەن و ئێستە دەڵێن ئەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق بە کردەوە پێکهاتووە، کەم کەس باوەڕی بەوە هەیە کە بە پینە و پەرۆکردن بکرێ وڵات و دەوڵەتی عێراق یەک بگرنەوە،

کورد ئەگەر بە پێوانەی مافی نێونەتەوەییinternational هەڵی بسەنگێنین،"گەل" یان "نەتەوە"یە، گەل یان نەتەوە ئەگەر دابەشبکرێ و زوڵمی لێبکرێت مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کورد زوڵمێکی یەکجار زۆری لێدەکرێ و ئەنفال کراوە و ئێستاش پاکتاوی قەومی دەکرێ، دەوڵەتانی ناوچە و ئەمەریکا و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش ئینکاری ئەو مافەی گەلی کورد دەکەن.

ئێستا لە ئاکامی ئەو شەڕانەی ئەمەریکا وەرێی

خستووە(شەڕی ١٩٩١و٢٠٠٣) کوردستانی عێراق لە بارودۆخێکدایە لەوانەیە بتوانێ لە عێراق جودا ببێتەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام چ سەربەخۆییەک، ئەو سەربەخۆییە لە ئەنجامی بە ڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس نییە.

هەر بۆیە ئێستا کە کوردستانی عێراق لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس هاتۆتە دەرێ و کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی سەربازی و سیاسی و ئابووری ئەمەریکا و تورکیا و هاوپەیمانانی.

**ئەمەریکا لە کوردستاندا بنکەی سەربازی درووست بکات یان نەیکات، هێزی تیرۆیست بە گڕ کوردستاندا دەچێت، ئەمەریکا لە ڕوومادی و فەلوجە و بەغدا ناتوانێ خۆی بپارێزێت، ئەی چۆن دەتوانێ یان دەیەوێت کوردستان بپارێزێ؟**

ئەگەر بەلاچوونی ڕژێمی بەعس لە کوردستانی عێراق زۆڵمی نەتەوەیی کۆتایی پێهاتووە، زۆڵمی کۆڵۆنیالیستی جێگەی گرتۆتەوە.

بۆ وێنە دەکرێت بپرسم ئەگەر جاران ڕژێمی بەعس گوندەکانی وێران دەکرد ئێستا بۆچی ئەو گوندانە و ئابووری و کشتوکاڵیان نابوژێتەوە؟

## فاکتەرەکانی کورد

**هەندێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری سیاسەت پێیان وایە کورد فاکتەرێکی ئەکتیڤی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەندێکی دیکە گرنگی ئەو فاکتەرە بە سەرکەوتن و نوشوستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیەوە دەبینن، دەبێت ئەو فاکتەرە گرنگانەی کورد چی بن؟ ئایا گرنگی و سەنگی فاکتەرەکان لەسەر هەردوو ئاست چۆن دەکەوێتەوە؟**

**بۆ دەبوو ڕۆشنبیری کورد ئەوە پێشبینی نەکات کە تاوانبارێکی وەک سەدام، لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا، یان دادگایی ناکرێت یان ئەگەر بکرێت دادگاییەکە دەبێتە گاڵتەجاڕی**

**بەڕێز حەسەنپور لەم بارەیەوە وا دەڕوانێتە فاکتەرەکان:**

لە ئامراز و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیادا، بەتایبەتی ڕۆژئاوا، باسی وا زۆر دەکرێ بۆ وێنە دەڵێن لە کوردستان ئاسایش هەیە، شەڕ و کوشتار نییە یان زۆر کەمە، فڕۆکە و زانکۆ و ڕێگاوبان وخانووبەرە درووست دەکرێ و کارگەی جۆراوجۆر و چالاکی ئابووری سیمای وڵاتی گۆڕەیوە و ئاوەدانی و سازکردن و بنیادنانەوە و گەشە لە ئارادایە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەدانی و خێردیتن و تێر وتەسەلی ئاواتی خەڵکی چەساوەیە، دەکرێ بپرسین ئەو گشت درووستکردن و بنیاتنان و سازکردنەوە بە قازانجی کێیە؟ چوار هەزار گوندی ئەنفالکراو و خاپوورکرا و چییان بەسەر هاتووە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کە بنچینەیەکی سەربەخۆیی ئابووری و ئاوەدانییە و سەرچاوەیەکی سەربەخۆییە لە چ بارێکدان؟

ژینگەی کوردستان کە دەتوانێ سەرچاوەیەکی ژیانی ئابووری بێت، چی بەسەر هاتووە، جوتیار و شوان و سەپانی کورد لە سای حکومەتی کوردیدا چی دەسکەوتووە، ئێستا کە چینی کرێکار پەرەی سەندووە، ژیانی زۆربەی خەڵکی زەحمەتکێش لە شارەکان چۆنە؟

ژنی کورد، کە وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێ هاتووەتە گۆڕەپانی مێژووی کوردستان، چی وەدەستکەوتووە؟

گەندەڵی ئابووری و ئیداری و سیاسی لە ماوەی پانزەساڵ حکومەتی کوردستاندا پرۆسەی(نەتەوە ڕۆنانی) بەرەو کوێ بردووە؟

حکومەتی کوردستان وەک حکومەتە فاسیدەکانی ئەرمەنستان و تاجیکستان و ئەفریقایە یان بە دیلی ئەوانە؟

ئازادییە مەدەنییەکان بەتایبەتی ئازادی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی و ئازادی بیروڕا تا چ ڕادەیەک لە ئارادایە؟

چارەنووسی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی وەک یەزیدی و مەسیحی و ئاشووری لە حکومەتی کوردا چۆن بووە، تاکەکەس، کورد و غەیرە کورد لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کورددا وەک هاووڵاتی خاوەن ماف چاویان لێدەکرێ یان وەک ڕەعیەت؟

ئاخۆ ئەوانەی کە نارازین و بیروبۆچوونی دژی دەسەڵاتیان هەیە هەڕەشەیان لێدەکرێ یا لە ئاسایش و ئازادیدا دەژین؟

دین(مزگەوت) و دەوڵەت تا چ ڕادەیەک لێک جیابوونەتەوە؟

ئاخۆ کوردستان بنکەی سەربازیی بێگانەیە و هێزی چەکدار و بێچەکی وڵاتانی تر کەڵەگایی و ملهوڕی دەکەن؟

ئەگەر بێتو ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری وا بەشێوەیەکی کراوە و بە ئازادی وەڵامی بدەینەوە، ڕەنگە بەو ئەنجامە بگەین کەگەلی کورد لە کوردستانی عێراق هێشتا لەسەر پێی خۆی ڕانەوستاوە یان لە بارودۆخێکی وادا نییە کە ئیرادە و ویستی سەربەخۆیی خوازانەی خۆی وەدی بهێنێ.

کەوا بێ ناتوانێ بەبێ لەکاردا بوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، بەبێ خۆبەستنەوە و خۆهەڵواسینی بەو زلهێزە

ناتوانێ فاکتۆرێکی گرنگی بێ لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوچەکە.

ئەگەر پانزەساڵ حکومەتی کورد توانیبای بەدیلێک بێت لە بەرامبەر دنیای پڕ لە برسێتی و چەوساندنە و کۆیلایەتی، ئەگەر بەرهەمی ئەو پانزەساڵە ژیانێکی باشتر و خۆشتر لە ژیانی خەڵکی ئەرمەنستان و و گورجستانی بە مزگێنی هێنابا ، ئەگەر خەڵک لەگشت بوارێکدا و لە ڕادەی جۆراوجۆردا ئیرادە و دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنابا ، ئەگەر ڕەنگی ئاسایش و ئاوەدانی ئێستا ڕەنگدانەوەی قەتڵ و کوشتار و وێرانی و تیرۆریزمی عێراقی عەرەب نەبا ، دەکرا بڵێین کوردستانی عێراق دەیتوانی فاکتۆرێکی چالاک بێ لە سیاسەتی ناوچەکە و دنیا.

ئەوەی من دەیبینم هەڵاتنی خەڵکی لێقەوماوی عێراقی عەرەبە بەرەو کوردستان، لە کاتێکدا کە ماوەی پانزەساڵە کوردی عێراق خۆی بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا و ئاسۆیەکی ڕوون لە کوردستانی ڕزگار کراو لەبەرچاو نییە.

## ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شکستی هەوڵەکان

**ڕیچارد هارس لەدوا وتاریدا باسی فەشەلی ئەمەریکا دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرچی تا ئێستا گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا دان بەو شکستەدا نانێن، ئەوەی ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی سیاسەت و لە نێو لێکۆڵەرەوە و شارەزایانیشدا باوە و قسەی لەسەر دەکرێ ئەوەیە ئاخۆ ئەمەریکا بۆ ڕاستکردنەوەی فەشەلەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک خۆی دەیهێڵێتەوە یان نەخشەکە دەگۆڕێت؟**

**لە شرۆڤەکردنی ئەم باسەدا بەڕێز ئەمیری حەسەنپور وای دەبینێ کە:** پرۆژەی حکومەتی بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستی هێناوە دارودەستەی بوش خۆشیان توشی نوشوستی بوون، هەم لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکی ئەمەریکاوە و هەم بە بۆچوونی زۆربەی ئازادیخوازانی دنیا.

پێموانییە بوش بتوانێ ئەو فەشەلە ڕاست بکاتەوە، بانگەوازی شکستی لە عێراق و ئەفغانستان لەگشت لایەک بەرز بۆتەوە، لە فلانە جەنەراڵی بەریتانییەوە بگرە هەتا ڕیچارد پول کە خۆی یەکێک لە میعمارەکانی ئەو شەڕە بوو.

زۆر جار لە شەڕدا ئەو لایەنەی توشی شکست دەبێ دەرفەت و دەرەتانی دەرچوون و پاشەکشەی هەیە، بەڵام بوش هیچ بوارێکی بۆ تێپەڕین یان هاتنەدەری لەو زەلکاوە نییە.

بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەگەر حزبی دیموکرات دووساڵی تر لە کۆشکی سپی دامەزرێت، وەک بوش دەبێت بەرەنگاری ئەو قەیرانە ببێتەوە کە دنیای تەنیوە و دەسەڵاتی تاقە زلهێزی ئەو دنیایەی خستۆتە مەترسییەوە.

ئەمەریکا ئەگەر، لە ئەفغانستان و عێراقیش ڕابکا و لەگەڵ ئێران سازش بکا ، دیسان ناتوانێ ناکۆکییەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا چارەسەر بکات.

## بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە کوردستان

**ئەمەریکا لە عێراقدا کەوتۆتە قەیرانێکی سەختەوە، نە دەتوانێت دۆخەکە چارەسەر بکات و نە دەتوانێ گۆڕەپانەکە جێ بهێڵێ، شارەزایان وای دەبینن تەنیا چارەسەر ئەوەیە ئەمەریکا هێزەکانی خۆی پاشەکشە پێ بکات بۆ کوردستان و بنکەیەکی سەربازیی گەورە لە وێدا بکاتەوە، دەبێت ئەو بنکەیە دادی ئەمەریکا بدات، ئەی بۆ کوردستان چ گرنگییەکی دەبێت ئایا کوردستان لە هەڕەشەی دەوروبەر و ناوخۆ دەپارێزێت؟**

**کەمێک جیاوازتر لە بۆچوونەکانی تر بەڕێز ئەمیری حەسەنپور لای وایە:**

ئەمەریکا ئەگەر هێزەکانی لە ناوچەی عەرەبنشین کۆ بکاتەوە و لە کوردستاندا

**کۆیلایەتی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای باشوور بوژاوەتەوە، هەر ساڵێ نزیکەی دوو ملیۆن ژن بەهۆی نەداری و زوڵم و زۆرەوە دەکەونە بازاڕی لەشفرۆشی**

**لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و عێراق و سوداندا ، هێزی کۆنەپەرست کە نە باوەڕی بە یاسا هەیە و نە دادپەروەری، لە ژێر ئاڵای دیندا خەریکی کوشتار و ڕاوو ڕوتن**

جێگیریان بکات، یان تەنانەت ئەگەر لە بەغدا کۆیان بکاتەوە، دیسان لەوانەیە نەتوانێ کۆنترۆڵی بەغدا ڕاگرێت.
ئەمەریکا ئێستا تەنیا فڕۆکەخانە و (هەرێمی سەوز)ی بەغدای بەدەستەوەیە.
ئەگەر بێت و ئەمەریکا بیەوێ پاشەکشە بکات بۆ کوردستان ئەو دوو بلقەشی لەدەست دەچێت(هەواڵدەرێکی cnn بە فڕۆکەخانە و هەرێمی سەوزی دەگوت بلقbubble).
هەروەها لەوانەیە کە ئەوانەی پەیتا پەیتا هێرش دەبەنە سەر هێزەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتی عێراق، کاتێک ئەوانە بەغدا و ناوچەی عەرەبنشینی عێراق تەواو داگیر بکەن، بەرەو کوردستانیش دێن و هێرش دەبەنەسەر هێزەکانی ئەمەریکا و حکومەتی کوردستان.

سەربازی تورکیا و ئەمەریکا، دەسەلاتێکی سەربەخۆ نییە.
ئەمەریکا تا ئێستا پێشی بە دەوڵەتی تورکیا و ئێران و سوریە گرتووە هەتا هێرش نەبەنە سەر کوردستان.
لە کەرکووک ئاژاوە دەنێنەوە(لەگەڵ ئەوەشدا ئێران لە نێو شیعەکاندا دەسەلاتی هەیە).
بەڵام ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق وەدەرکەوێ، باری سەربازی و ئەمنییەتی کوردستانی عێراق لە بارودۆخی سالانی١٩٩١-٢٠٠٣ دژوارتر دەبێت.
ئەگەر لەو دە دوازدە سالانەدا ئەمەریکا بە هێزی ئاسمانی و بە هەڕەشەی تر حکومەتی هەرێمی دەپاراست و هاوسەنگیی دامەزراندبوو لە نێوان حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ، لێرە و پاش ئەوەی نامێنێ.

## ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت دەبێتە بەشێک لە دنیای کۆن دنیای چەوساندنەوە، دنیای زوڵم و زۆر، شەڕ و کوشتار، برسییەتی و هەژاری و کۆیلایەتی، یان دەبێتە بەدیلی ئەو دنیایە؟

ئەمەریکا لە کوردستاندا بنکەی سەربازی درووست بکات یان نەیکات، هێزی تیرۆیست بە گڕ کوردستاندا دەچێت، ئەمەریکا لە ڕومادی و فەلوجە و بەغدا ناتوانێ خۆی بپارێزێت، ئەی چۆن دەتوانێ یان دەیەوێت کوردستان بپارێزێ؟
ئەمەریکا هەر لە ئێستاوە خەریکە دەستەوداوێنی سوریە و ئێران دەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە عێراق، چ لە مانەوە و چ لە ڕاکردندا، تەواو بێ ئابڕو نەبێت.

## سەربەخۆیی کوردستان و هەڵوێستی دەوروبەر

**هەندێک لە پسپۆڕانی بواری سیاسەت وا پێشبینی دەکەن کە لە ئەنجامی زیاتر گڕژ بوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە و لە ئاکامی ئەگەرەکانی لێک هەڵوەشانی عێراق، کوردستان دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و وڵاتانی دەوروبەریش بەم واقعە ڕازی دەبن، سەرباری ئەوەی کە ئێستا بە هەموو شێوەیەک لە دژی ئەو هەنگاوەن.**
**بەڕێز ئەمیری حەسەنپور لەم بارەیەوە بڕوای وایە کە:** عێراق ئێستا کوت کوت(لەت لەت) بووە و دەوڵەتێکی وا کە دەسەلاتی بەسەر تەواوی وڵاتدا هەبێت لە ئارادا نییە.
لە ڕومادی ئەمارەتی ئیسلامی دامەزراوە و لە ناوچەکانی تریش حکومەتی دینی لە گۆڕێدایە، کوردستانیش دیارە ئەو ناوچانەی کە پێش ٢٠٠٣لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێم بوون، تەنیا هێزی دەوڵەتییە، ئەگەرچی ئەو دەسەلاتە، بە بوونی

ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق و کوردستان دەربچێت، ئەوانەی لە بەغدا دەسەلاتی دەوڵەتیان دەست دەکەوێت گوێ نادەنە هەڕەشەکانی ئەمەریکا لە دەرەوە و لەوانەشە دەوڵەتانی دراوسێ دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن، ئەگەر ئەوە ڕووبدات بارودۆخی کوردستان تەواو دەگۆڕدرێت.

## دەرەنجام

**لە کۆی ئەم تێڕوانینانەی سەرەوەدا بەڕێز حەسەنپور زۆر مەسەلەی گرنگ دەوروژێنێ و لە کۆتاییدا دەرەنجامێک بەدەستەوە دەدات کە دەکرێت زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و گفتوگۆی زیاتری لێبکەوێتەوە.**
**بەڕێز ئەمیری حەسەنپور لە کۆتاییدا دەڵێت:** دوا قسەی من ئەوەیە کە باری ئێستای جیهان، باری ئاژاوە و نائارامی و قەیران و شڵەژانە.
لە لێکدانەوەی باری کوردستان، ئەگەر بمانەوێ نەبین بە بەشێک لەو بارە، پێویستە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و مێژوویمان هەبێت.
بەداخەوە ڕۆشنبیری کورد و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیی کوردی، چ لە وڵات چ لە دەرەوە، نە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەیان هەبووە و نە ڕوانگەی مێژوویی، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کورد یان شانازی کردووە بە پێوەندی تازە لە نێوان دەستەودایەرەی بوش و ڕابەرایەتی کورد، یان ڕەزایەتی داوە، یان بێدەنگ بووە ئەمە لە کاتێکدا داوودەستەی بوش باڵێکی هەرە کۆنەپەرست و دڕندەی ڕژێمی سیاسی ئەمەریکایە و لە خودی ئەمەریکا

ڕەخنەیەکی زۆری لێگیراوە.
ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمەریکا، وێرای زانستگاکان، ڕەخنەیەکی زۆریان لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیای دژە دیموکراسی دەستەودایەرەی بوش گرتووە.
ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لە ماوەی چوارساڵی ڕابردوو بابەتی زۆریان لەسەرچاوەی ئەمەریکایی وەرگرتووە و وەرگێڕاوە، بەڵام من ئەو پرسیارە دەکەم ... ڕۆشنبیر و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی ئەوەندەی ڕۆشنبیر و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا ڕەخنەیان لە دەستە وتاقمی بوش گرتووە یان چووتە ژێر ئاڵای دەستەو تاقمی هەرە کۆنەپەرست؟
پێم سەیر نییە بۆچی لە کاتێکدا تەنیا بوش و بلێر شەڕیان وەرێخست و تەنانەت هاوپەیمانەکانی وەک فەرەنسە و ئەوانەی کە هات و هاواری یاسا و ماف دەکەن خۆیان هەرچی یاسا و مافە پێشێلی دەکەن، ئەشکەنجەکردنی زیندانی، گرتن و ڕفاندنی خەڵکی، کوشتاری لە ڕادەبەدەر لە شەڕدا، وێرانکردنی ماڵ و سامانی خەڵک، پێشێلکردنی مافی دەستووری و لادانی پرۆسەی دادپەروەری لە دادگاکاندا.
لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و عێراق و سوداندا ، هێزی کۆنەپەرست کە نە باوەڕی بە یاسا هەیە و نە دادپەروەری، لە ژێر ئاڵای دیندا خەریکی کوشتار و ڕاوو ڕوتن.
ئەو ئاژاوەیە تەنیا بەرهەمی هەڵەکانی بوش و بلێر یان خورافە و جادوبەندیی تیرۆریستی تاڵیبان و بنلادن و وەهابییەکان نییە، ئەو ئاژاوەیە بەرهەمی ئەو دنیایەیە کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن.

# ئەگەر جاران ڕژێمی بەعس گوندەکانی وێران دەکرد ئێستا بۆچی ئەو گوندانە و ئابووری و کشتوکاڵیان نابوژێتەوە؟

ئەڵمانیاشیان لەگەڵ نەبوون و نەتەوە یەکگرتووەکانیش دژیان بوون، چۆن زۆربەی ڕۆشنبیری کورد بەگژ بزووتنەوەی دژی شەڕدا چوو.
چۆن دەبوو ڕۆشنبیری کورد ئەوە نەبینێ کە لە ئاکامی ئەو شەڕەدا لەوانەیە کورد ئەوەی وەدەستی کەوتووە لە کیسی بچێت؟
بۆ دەبوو ڕۆشنبیری کورد ئەوە پێشبینی نەکات کە تاوانبارێکی وەک سەدام، لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا، یان دادگایی ناکرێت یان ئەگەر بکرێت دادگاییەکە دەبێتە گاڵتەجاڕی.
ئەوەتا سەرمایەدارێکی ئەمەریکایی وەک(جۆرج سۆرۆس-soros) دەڵێت ئەمەریکا کۆسپی هەرە گەورەیە لە ڕێگەی پەرەپێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
باری ئێستای دنیا باری ئاژاوە و پشێوی و نائارامییە.
ڕۆژانە نزیکەی ٣٢ هەزار منداڵ لەبەر برسییەتی و کەمخۆراکی دەمرن.
هەژاران هەژارتر دەبن و دەوڵەمەندیش دەوڵەمەندتر، کۆیلایەتی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای باشوور بوژاوەتەوە، هەر ساڵێ نزیکەی دوو ملیۆن ژن بەهۆی نەداری و زوڵم و زۆرەوە دەکەونە بازاری لەشفرۆشی.
نەخۆشی وەک ئایدز و مەلاریا خەڵک کوشتار دەکات. لە دەریاکاندا، دزی دەریایی پەیدا بوون و دز و جەردەی تر باڵندە و گیانداری ناو جەنگەڵ وشاخ و کێو ڕاودەکەن و لە بازاڕەکانی دنیادا دەیفرۆشن.
نیزامی کۆن، واتە سەرمایەداری، کە نزیکەی سێ سەدەیە لە ڕۆژئاوا لە ئارادایە، دنیای کۆنتری بوژاندۆتەوە.. دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتی... و ئێستا بەو پەڕی دڕندەیی بەگژ خەڵکی دنیادا دەچێت.
پرسیار ئەوەیە: ئەگەر نەزمی کۆن بێجگە لە هەژاری و برسییەتی و شەڕ و کوشتار
چیدی لەباردانییە و ئەو ئاژاوە و قەیرانە بۆتە شێوەی ژیانی، ئاخۆ هێزی نوێباو دەتوانێت نەزمێکی تر بخوڵقێنێ؟
ئەگەر ئەو نیزامە کۆنباوە بێجگە لە بەربەریەت هیچی تری لەباردا نەماوە، جێگەی خەباتی گەلی کورد لەو ململانێیەدا چییە؟
بەداخەوە، ئەو خەباتەی گەلی کورد لە عێراقدا کردویەتی، کە خەباتێکی بێوچان بووە، لەبری ئەوەی بەدیلێک بێت لە بەرامبەر نەزمی کۆنباودا، لە پێچ و پەنای ئەو نەزمە شێواوەدا بووەتە بەشێک لە قەیرانی دنیای کۆن.:
ئێستا دەکرێت بڵێین چارەنووسی کوردستانی عێراق بەسراوەتەوە بە بەخت و هاتی بوش و تاقمەکەیەوە.
لەوانەشە کوردستانی عێراق سەربەخۆ ببێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە:
ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت دەبێتە بەشێک لە دنیای کۆن دنیای چەوساندنەوە، دنیای زوڵم و زۆر، شەڕ و کوشتار، برسییەتی و هەژاری و کۆیلایەتی ، یان دەبێتە بەدیلی ئەو دنیایە؟